# کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: بڕۆ سەلام لە ئەوانە بکە -کۆمەڵێک فریشتە دانیشتبوون- گوێبگرە چۆن وەڵامی سەلامەکەت دەدەنەوە؛ ئەوە سەلامکردنی تۆ ونەوەکانتە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: بڕۆ سەلام لە ئەوانە بکە -کۆمەڵێک فریشتە دانیشتبوون- گوێبگرە چۆن وەڵامی سەلامەکەت دەدەنەوە؛ ئەوە سەلامکردنی تۆ ونەوەکانتە. (ئادەم) ووتی: السلام عليكم، ئەوانیش ووتیان: السلام عليک ورحمة الله، وهەروەها (وبركاته) یان زیاد کرد وەکو وەڵامێک بۆ سەلامکردنی ئەو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

مانای فەرمودەکە: کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد فەرمانی پێکرد بۆ ئەوەی بچێت بۆ لای هەندێک لە فریشتەکان کە لە نێوان سێ بۆ نۆ فریشتە دەبوون، بۆ ئەوەی سەلامیان لێبکات وگوێی لە وەڵامی ئەوان بێت، وئەم سەلامکردنە لە نێوان ئادەم وفریشتەکان دەبێتە سەلامکردنی ڕێگەپێدراو بۆ خۆی وبۆ نەوەکانی ئەوانەی لەسەر ئاینی پێغەمبەرانن، وشوێنی سونەتەکانیان دەکەن، (ئادەم) فەرمووی: السلام عليكم، ئەوانیش (فریشتەکان) فەرموویان: السلام عليک ورحمة الله، و (ورحمة الله) یان بۆی زیاد کرد، وئەم شێوازی سەلامکردنە ڕێگەپێدراوە لە کاتی سەلامکردنەوە و وەڵامدانەوەی سەلامدا، ولە هەندێک فەرموودەی تردا: (ورحمة الله وبركاته) یش هاتووە جا لە کاتی سەلامکردن یان وەڵامدانەوەی سەلامدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3556

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee